# وەرزی قوربانی

**عەزیز ڕەئووف**



ئەو ڕۆژە کە دەستمانکرد بە بەشینەوەی بەشە قوربانییەکان، پێدەچوو لە هەموو ڕۆژەکانی دیکە قوربانی زیاتر سەربڕدرابێت، ئەو ئێوارەیە من گوتم شار خوێن دەیبات، من گوتم گایان لەسەر عەرد نەهێشتووە هەموویان کردۆتە قوربانی، من گوتم جارێکی دی ئەو خوێنە لە دار و دیوارەکانی ئەم شارە نابێتەوە.

بەختیار عەلی لە " ئێوارەی پەروانە"وە

کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە لەمێژە دەستو پەنجەی لەگەڵ چەمکی قوربانیدا نەرم کردووە. بە درێژایی ناسیۆنالیزمی کوردی هەمیشە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە قوربانی پەتی سێدارەی دەسەڵاتە یەکلەدوایەکەکانی عیراق بوون. سەرباری ئەوەش نەریتی "جەژنی قوربان" و سەربڕینی ئاژەڵ سیمایەکی هەرە دیاری ئەم کۆمەڵگەیە بووە و تا ئەم چرکەساتەش بەردەوامە. کەم نەتەوە شك دەبەین لە جیهاندا هێندەی نەتەوەی کورد هەم خۆی قوربانی بێت و هەم ئەوی تر بکاتە قوربانی.

بە درێژایی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا چەمکی "قوربانی" چەمکێکی تەواو دیار بووە لای شاعیرانی کورد. شاعیران لەوەها سەردەمێکدا هانی گەنجان دەدەن کە جەستەی خۆیان بکەنە قوربانی بۆ کوردستان. چەمکی قوربانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا چەمکێکی تەواو سیاسیە، چەمکێکە هەمیشە ئامادەیە جەستەی گەنجان بکاتە قوربانی بۆ خوڵقاندنی دنیایەکی باشتر. ناسیۆنالیزمی کوردی بەوە ناسراوە کە کار لەسەر جەستە دەکات. بەمانایەکی تر هەمیشە ناسیۆنالیزمی کوردی تا ئەم چرکەساتەش جەستەی گەنجەکانی دەکاتە قوربانی. تا ئەم چرکەساتەی کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە ئەو پارت و گروپانە ڕەسەنن کە زۆرترین قوربانیانداوە و زۆرترین ئەندام و لایەنگریان شەهید بوون. هەر بۆیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی لە شێوەی پارت و گروپدا هەموو هەوڵێکی خۆی لە شەڕ و قوربانیداندا چڕ دەکردەوە. بوونی چەمکی قوربانی لە شۆڕشی نوێدا دەگاتە لوتکە. هەر ئەمەیە وا لە سەرکردەیەکی وەك خاڵە شەهاب دەکات کە بڵێت: کەم بژی و کەڵ بژی. زۆر بوون ئەو گەنجانەی کە لە زیندانەکانی بەعسدا جەستەی خۆیان کردە قوربانی و ئامادە نەبوون دەسبەرداری شۆڕش بن بە خودی خاڵە شەهابیشەوە تا جەستەی خۆیان کردە قوربانی. دەرکەوتەی چەمکی قوربانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرکەوتەیەکی تەواو خوێناوییە کە لەسەر جەستەی هەم مرۆڤەکان بە مەفهومە سیاسیەکەی و هەم ئاژەڵەکان بە مەفهومە ئاینیەکەی کاری کردووە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە چەمکی قوربانی فۆرمێکی تەواو دینی بەخۆوە دەگرێت. ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پیاوانی ئاینی هەمیشە بانگێشتی خێر و خێرات و قوربانی دەکەن بەتایبەتی لە چرکەساتەکانی جەژنی قورباندا، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بە دۆخێکی تەواو نالەبارەوە هەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لەبەردەم کۆمەڵگەی مۆدێرن و کۆمەڵگەی ئاینیدا خۆی دەبینێتەوە. ئێمە لە شارەکاندا جوانترین مۆدێلەکانی خانوو و ئۆتۆمۆبیل و مۆبایل و جلوبەرگ تاقی دەکەینەوە، کەچی بە بیرکردنەوە و ڕەفتارماندا تاکو ئیستا عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاستمان جێنەهێشتووە. چ حیکمەتێك لەوەدا هەیە کۆچە و کۆڵان و شەقامەکانی شار پڕبکەین لە جۆگەلەی خوێن و نەوەکانمان بەناو خوێنی ئاژەڵەکاندا ڕێ بکەن (وەك ئەو دیمەنەی خەندانی بچکۆلە و پەروانە لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"دا بەختیار عەلی وێنای کردووە)؟ من تێناگەم لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا دەبێت ڕێکخراو و گروپگەلی حکومی و ناحکومی دەستیان هەبێت لە یارمەتیدانی هەژارانی ئەم وڵاتەدا نەك پیاوانی ئاینی کیلۆیەك گۆشتی گەرمی ئاژەڵێك بکەنە نێو عەلاگەیەکی ڕەشەوە و بەسەر ماڵاندا بیبەشنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە تەنها لە شاری سلێمانیدا 9415 ئاژەڵ سەربڕدراون و کراونەتە قوربانی. سەربڕینی ئەو

ژمارە زۆرەی ئاژەڵ لە شاری سلێمانی کە پێی دەڵێن شاری ڕۆشنبیری بەڕاستی مایەی تێرامان و لەسەر وەستانە. سەربڕینی ئەو ژمارە زۆرە لە ئاژەڵ و ڕژانی خوێن لەسەر شەقامەکانی ئەم شارە وێناگەلێکن کە بۆ یەك چرکەش وێنەی شارێکی مۆدێرنی هەزارەی سێیەممان بۆ ناخولقێنێت. ڕاونانی ئاژەڵە ترساوەکان لە ترسی سەربڕین و پەلکێشکردنیان بۆ بەردەم چەقۆ، کردەوەی کۆمەڵگەیەکی تەواو ستەمکار و دڵڕەقە، نەك کۆمەڵگەیەك کە خۆی تەنها شازدە ساڵە لە چەقۆی جەلادەکانی بەعس قوتاری بووە.

سەربڕینی ئاژەڵەکان لەسەر شەقامەکان و وێنەی جۆگەلە خوێن هەمیشە وێنەی ئەو کۆمەڵگایانەمان پیشان دەدەن کە نەوەکانی لە دواڕۆژدا دەبن بە چەقۆکێش و کارەکتەری تیرۆریست، نەوەگەلێك وەك چۆن لە منداڵیدا چاویان خوێنی بینیوە، بەهەمان شێوە لە گەنجیدا دەبن بەو کارەکتەرە تیرۆرستانەی کە بە دەسەڵاتی دەوڵەت و زلهێزترین هێزی دنیا ناتوانن چالاکیەکانیان بوەستێنن.

سەربڕینی ئاژەڵ لە جەژنی قورباندا بە دوو دیاردە ئاشنامان دەکات:

یەکەم: کارەکتەرەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دەستێکی باڵایان هەیە لە شێواندنی سروشت. سەربڕینی ئەو ژمارە زۆرە لە ئاژەڵ بێشك دەستی هەیە لە شێواندنی سروشتی ئەم کۆمەڵگەیە، ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی ئاژەڵ وەك پایەیەکی سەرەکی ئابووری ئەم هەرێمە.

دووەم: بڕوابوون بەوەی کە خێرکردن و یارمەتیدانی هەژاران تەنها لەڕێگەی سەربڕینی ئاژەڵەوە دروستە، ئەمەش بڕوابوونێکی تەواو سەلەفیانەیە. کەسێك بیەوێت یارمەتی هەژارانی ئەم کۆمەڵگەیە بدات ئەوا زیاد لە ڕێگەیەك هەیە بۆ یارمەتیدان. هەڵبژاردنی سەربڕینی ئاژەڵ وەك جۆرێك لە یارمەتیدانی هەژاران هەڵبژاردنێکی تەواو ستەمکارانەیە و چێژ وەرگرتنە لە بینینی خوێن و سەبووری هاتنەوەیە بە هەڵمژینی هەڵمی گەرمی گۆشتی ئاژەڵی تازە سەربڕدراو.

دواجار بەر لە هەر ساتێك لە ئیستادا کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە جێهێشتن و فەرامۆشکردنی سیمبوڵە ئاینییەکان هەیە، ئەو سیمبوڵە ئاینیانەی کە لەسەر خوێن و قوربانیدان وەستاون. کۆمەڵگەی ئێمە هێندەی پێویستی بەو کارەکتەرانە هەیە کە بەگومانەوە تەماشای ڕەمزە ئاینیەکان دەکەن نیو ئەوەندە پێویستی بەو پیاوە ئاینیانە نیە کە سەربڕینی ئاژەڵ وەك فەرزێك تەماشا دەکەن و لە جەژنی قورباندا شەقامەکان پڕ دەکەن لە خوێن و نەوەکانمان بە توندوتیژی و ڕاهاتن بە بینینی خوێن ئاشنا دەکەن.

azizrauf2003@yahoo.com